**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان:39**

**رۆژی دەرهێنان:2004/9/29**

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(48)ی رۆژی (2004/9/28)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەڵاحییاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە(39)ی ساڵی 2004

## یاسای دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە، بۆ ئەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

2-ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق.

3-دەزگا: دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

4-سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی ئیدارەی دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

5-مەبەستی گەشتوگوزار: مەبەست: حەوانەوەیە، بووژانەوەیە: وەرزشە، گەشتە، دڵکردنەوەیە، راوەو دیتنی جێگا دێرینەکانی مێژوو ئاسەوارو دیمەنی سروشت و، بژاڤی رابواردنی دیکەیە.

6-لانەی گەشتوگوزار: ئەو شوینانەن کە مەبەستی گەشتوگوزاری تێدا مەیسەر دەبێ، بە نموونە، وەك: ئوتێل، خواردنگە، گازینۆ، مەنزڵگەو جێگای رابواردنی دیکە.

7-ناوچەی گەشتوگوزار: ئەو جێگایانەیە کە یارای ئەوەن بژاڤی گەشتوگوزاریان تێدا بکرێ و مەبەستی گەشتوگوزاریان تێدا بێتەدی.

## بەشی دووەم

## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە هەوارگایەکی گشتی بۆ گەشتوگوزار دادەمەزرێ و پێی دەگوترێ (دەزگای گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانی عیراق)و فرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا. ئەم دەزگایە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەستەو، کارمەندەکانیشی بە بڕیاری سەرەك وەزیران دادەمەزرێن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم دەزگایە شەخسییەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم دەزگایە بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە هەوڵ دەدات:

1-دنەدانی بزاڤی گەشتوگوزار، چونکە گەشتوگوزار سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی سامانی نەتەوەیی هەرێم.

2-بەرفراوانکردنی بزاڤی گەشتوگوزار لە هەرێمداو، بایەخدان بە ناوچە جۆربەجۆرەکانی گەشتوگوزارو، وەبەرهێنانیان بۆ مەبەستی گەشتوگوزار.

3-بەرزکردنەوەی سەویەی گەشتوگوزار لە لانە جۆربەجۆرەکانی گەشتوگوزاری هەرێمدا، بەجۆرێ، کە باشترین خزمەتی هەوارهەڵدان و هاتوچۆی نێوان ناوچە گەشتوگوزاریەکان بۆ گەشتکاران دابین بکات.

4-بەرەو باشتربردنی بزاڤی گەشتوگوزار لە هەرێمدا، چونکە لە هەمان کاتدا، بزاڤێکی راگەیاندن و رۆشنبیری و شارستانییەو بە جۆرێکی ئەوتۆش کە زۆرترین گەشتکار لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهانەوە رابکێشێ و چاویان بە کە لە پوورو شارستانیەتی گەلی کوردستان بکەوێ و، قوربانیدان و خەباتی ئەم گەلەی تێدا پیشان بدرێ کە لە رێگای ئازادیی خۆیدا بەخشیوێتی.

**ماددەی پێنجەم:**

دەزگا تێدەکۆشێ، لەم رێگایانەی خوارەوە، ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی:

1-هەوڵ دەدات چاوگە سروشتییەکانی، وەك، چیاو تاڤگەو کەناری رووبارو دەریاچەکان و کانیاوە کانزاییەکان لە هەرێمدا وەسوود بهێنێ و بەرەو باشتریان ببات بەجۆرێ کە مەبەستەکانی گەشتوگوزار بێنێتەدی.

2-وەبەرهێنان و بەرەوچاکتر گۆڕینی جێگا مێژوویی و ئاسەوارەکان، بەهاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا.

3-دامەزراندنی کۆمەڵگەو ئوتێلی گەشتوگوزارو جێگای رابواردن و باخچەو شتی دیکەی بەسوود بۆ گەشتوگوزار.

4-دنەدان و پشتگرتنی کەرتی تایبەت بە شێوازی جۆربەجۆر لە پێناوی وەگەڕخستنی بزاڤی گەشتوگوزار لە هەرێمدا بە نموونە، وەك ئەوەی، زەوی وزار بدرێ بە هاووڵاتیان، لانەی جۆربەجۆری گەشتوگوزاری لەسەر دابمەزرێنن بەپێی شەرتوشرووتی ئەو رێنماییانەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەهێنێ.

5-بەکرێدان وبەکرێ گرتنی لانە جۆربەجۆرەکانی گەشتوگوزار.

6-دامەزراندنی شیرکەتی جۆربەجۆری گەشتوگوزار.

7-ئاسانکردنی خزمەتگوزاریی بانك لە ناوچەکانی گەشتوگوزاردا.

8-دنەدانی کۆمپانیا بیانی و وەبەرهێنەرە بیانیەکان تا وەبەرهێنان لە بواری گەشتوگوزار لە هەرێمدا بخەنەکار.

9-کردنەوەی خولی مەشقدادان بۆ بەرەو چاکتر گۆڕینی لێهاتوویی کادیرەکانی گەشتوگوزار.

10-کردنەوەی نووسینگەو وەکالاتی گەشتوگوزار لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گەشتوگوزار.

11-رێکخستنی سەفەری فەردی و بە کۆمەڵ، بۆ گەشتوگوزار لە هەرێمەوە بۆ دەرەوەو لە دەوڵەتانیشەوە بۆ هەرێم.

12-بەهێزکردنی هەست و ویستی گەشتیاری لە رێگا جۆراوجۆرەکانی راگەیاندنەوەو، دەلیلێکی تایبەتیش بۆ گەشتیاران دابنرێت.

13-بە هاوکۆمەکی و هاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمدا، تایبەتمەندی و قوربانیدانەکانی گەلی کوردستان بە روونی دەربخرێن و، لە رێگای دروستکردنی پەیکەرو پیشانگاو چالاکیی جۆربەجۆری هونەریەوە بەرجەستە بکرێن.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتەو سەڵاحییات

**ماددەی شەشەم:**

سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی ئیداری و دارایی دەزگاکەیەو، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و لێوەشاوەبێ و خزمەتیشی لە پازدە ساڵ کەمتر نەبێ، بەبڕیاری سەرەك وەزیران دادەمەزرێ.

جێگری سەرۆکی دەزگا: مەرجە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و لێهاتوبێت و خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ، کاتێ سەرۆکی دەزگا دیارنەبێ، ئەم جێگای دەگرێتەوە، ئەمیش بەبڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێ.

بەڕێوەبەری گشتیی گەشتیاری: مەرجە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ لە بواری گەشت وگوزاریداو، خزمەتی گەشتیاریشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ، بەبڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

سەرۆکی دەزگا بەم سەڵاحییاتەی خوارەوە ڕادەبێ:

1-بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگاو، سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی و، سەرپەرشتی کردنی دایەرەکانی.

2-نواندنی دەزگا لەبەردەم دادگاو دایەرە پێوەندیدارەکاندا.

3-ئیمزاکردنی ئەو موخابەراتەی لە دەزگاکەوە دەردەچن.

4- پێشنیازکردنی بوجەی گەشتوگوزارو ئامادەکردنی میلاك و بوجەی ساڵانەو حساب وحسابکاریی کۆتایی.

5-بۆ هەر حاڵەتێ، بەجیا، موافەقەت دەکات بڕێ پارە خەرج بکرێ لە پێنج ملیۆن دینار نەترازێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەنی دەزگا لەمانە پێك دێت:

| | |
|---|---|
| 1-سەرۆکی دەزگا | سەرۆك |
| 2-جێگری سەرۆکی دەزگا | ئەندامەو، لە دیارنەبوونی سەرۆکی دەزگادا جێی دەگریتەوە. |
| 3-بەڕێوەبەری گشتیی گەشتیاری | ئەندامە |
| 4- بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی دەزگاکە | ئەندامە |
| 5- پسپۆڕێك لە کاروباری گەشتوگوزارو ئوتێلداریدا | ئەندامە |
| 6- شارەزایەکی ئابووری | ئەندامە |

7- ئەندامێکی دی، یان زیاتر هی ناوەوە یان دەرەوەی دەزگا کە پسپۆڕبن و سەرۆکی دەزگا بە زەرووری بزانێ، لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا ئامادەببن، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەنجومەنی دەزگا بەم سەڵاحییاتانەی خوارەوە ڕادەبێ:

1- داڕشتن و ئیقرارکردنی سیاسەتی گشتی گەشتوگوزار لە هەرێمدا، پاش موافەقەتکردنی ئەنجومەنی وەزیران.

2- تەسدیقکردنی گرێبەستەکانی بنیادنان وبەرەوچاکترگۆڕینی مونشەئەو پرۆژەگەلی گەشتیاری و، وەبەرهانینیشیان .

3-تەسدیقکردنی ڕێکەوتننامەگەلی هاوکاریی گەشتیاری کە لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەدا بەستراوە، پاش موافەقەتکردنی ئەنجومەنی وەزیران.

4-تەسدیقکردنی پرۆژەی بوجەی ساڵانەو میلاك وحساب وحسابکاریی کۆتایی دەزگاکەو بەرزکردنەوەیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

5- ئەنجومەنی دەزگا سەلاحییەتی هەیە، زەوی وزارێکی دەوڵەت کە بۆ گەشتوگوزار لە باربێت، بیکات بە موڵکی دەزگا، بەخۆڕایی، تابتوانێ ئامانجەکانی خۆی بە زەمانەت دەستەبەربکات، بەڵام پێویستە لە سەری بەپێی یاسا بەرکارەکان قەرەبووی خاوەنانی مافی تەسەڕوف بە شێوەیەکی عادیلانە لە بوجە تایبەتەکەی خۆی بکاتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەن، لانی کەم، مانگی جارێك کۆدەبێتەوەو، هەرکاتێکیش بە پێویست بزانرێت لەسەر داوای سەرۆکی دەزگا، (نصاب) یش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دێتەجێ و، بڕیارگەلیش بە زۆرینەی دەنگەکان دەدرێن. لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکانیشدا، ئەوە، لەو بارەدا دەنگی سەرۆکی دەزگا بۆ چ لایەنێك بووبێت،هی ئەوانە.

## پێکهاتەکانی دەزگای گشتیی گەشت و گوزار

**ماددەی یازدە:**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتیاری:

**یەکەم:**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتیاری، لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی پسپۆڕی هەبێ وخزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

2-بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەو دارایی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی پسپۆڕی هەبێ، وخزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

3-بەڕێوەبەرایەتی پلان وبەدواداچوون: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی پسپۆڕی هەبێ وخزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

4-بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی پسپۆڕی لە راگەیاندندا هەبێ و، خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

5- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریدا هەبێ و،خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

6- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا هەبێ و،خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

7- بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشتیاری لە پارێزگاکانی هەرێمدا: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی پسپۆڕی هەبێ و، خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

**دووەم:**

ئەرکوفرمان وپێکهاتەو سەلاحییاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەپێی پێڕۆیەکی تایبەت دیاردەکرێن.

## بەشی چوارەم
## داهاتەکان

**ماددەی دوازدە:**

داهاتەکانی ئەم دەزگایە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1-ئەو مزە(رسوم) وقازانجانەیە کە لە بزاڤەکانیەوە دێنە دەست.

2-کرێی لانەکانی گەشتیارییە.

3-ئەو بەخشش و یارمەتی ودیارییانەشە کە بەپێی یاساو پێڕۆ و ڕێنماییگەلی بەرکار پێشکەش بە دەزگاکە دەکرێن.

4-بەخششی ساڵانەو، هەر دەرماڵەیەکی دی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی بکات.

**ماددەی سیازدە:**

بۆ هەر ئیجازەپێدانێکی لانەیەکی گەشتیاری یان تازەکردنەوەی ئیجازەکەی بەپێی ئەمانەی خوارەوە مزەی ساڵانەی لێ دەسەندرێ:

600 000 شەش سەد هەزار دینار مزی لانەیەکی گەشتوگوزاری دەگمەن.

450 000 چوار سەدوپەنجا هەزار دینار مزی لانەیەکی گەشتوگوزاری پلە یەك.

300 000 سێ سەد هەزار دینار مزی لانەیەکی گەشتوگوزاری پلە دوو.

150 000 سەدوپەنجا هەزار دینار مزی لانەیەکی گەشتوگوزاری پلە سێ.

75 000 حەفتاوپێنج هەزار دینار مزی لانەیەکی گەشتوگوزاری پلە چوار.

38 000 سی وهەشت هەزار دینار مزی لانەیەکی گەشتوگوزاری پلە پێنج.

**ماددەی چواردە:**

ئەم دەزگایە بوجەی تایبەتی خۆی هەیە، بە لانی کەم، سێ مانگ بەر لە دەست پێکردنی ساڵی دارایی پێشکەشی دەکات بە ئەنجومەنی وەزیران، تا لە چوارچێوەی بوجەی هەرێمدا تەسدیقی بکات.

**ماددەی پازدە:**

ئەم دەزگایە لە هەموو مزەیێ سەرفرازە، تەنها مزەی گومرگی خۆراك وخواردنەوەی لە دەرەوەهاوەردەی خۆی نەبێ.

**ماددەی شازدە:**

لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ئەم دەزگایە کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووە، هەموو پرۆژەو لانەگەشتیارییە پۆلێنکراوەکان، بەر ئەو عفوە یان بەر بەشێ لەو عەفوە دەکەون کە بۆ پرۆژە پیشەسازیەکان ئیقرارکراوە.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی حەڤدە:**

دەزگا، پێویستە لەسەری ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێ لەسەر هەر بزاڤێکی خۆی لە دەرەوەی عیراقدا پیادەی بکات.

**ماددەی هەژدە:**

دەستەی گشتیی گەشتوگوزارو هەموو تەشکیلاتەکانی کە دەقەکانیان لە یاسای ژمارە(15)ی ساڵی(1992)ی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزاری هەرێمی کورستانی عیراقدا هاتووە، ئیلغادەکرێن و، هەموو موڵك و ماڵێکی گواستەنی و ناگواستەنیی لە مونشەئات و خانووبەرەو لانەی گەشتیاری و زەوی وزاری تەرخانکراو، بە خانووی گەشتیاری و ئوتێل و شارو گوندو خواردنگەو کۆشکی گەشتیاری و هەر موڵك وماڵێکی دیکەشەوە، هەر هەمووی، دەبن بە موڵکی دەزگای گشتیی گەشتوگوزارو، بەناوی دەزگاکەوە لە دایەرەی عیقاریدا تۆماردەکرێن.

**ماددەی نۆزدە:**

حوکمەکانی یاسای ژمارە(49)ی ساڵی 1977ی دەزگای گشتیی گەشتوگوزار، بە هەموارکردنەکانیشیەوە، لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا لەکاردەخرێن.

**ماددەی بیست:**

ئەنجومەنی دەزگا بۆی هەیە، بەبێ ئەوەی پابەندبێت بە حوکمەکانی یاسای ژمارە(32)ی ساڵی 1986(یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك ومالی دەوڵەت)ەوە، هەموو جۆرە زەوی وزارو عیقارێ بەپێی رێنماییگەلێ کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەریدەهێنێ بەکرێ بدات و بەکرێ بگرێ وبیکرێ و بیفرۆشێ.

**ماددەی بیست ویەك:**

تەنیا ئەم دەزگایە بۆی هەیە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە(25)ی سـالی (1959)ی ناوە بازرگانیەکان، ناو لە ئوتێل و مونشەئە گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق بنێت و، پێویستە لەسەر لایەنە پێوەندیدارەکانیش لە پێدان و تازەکردنەوەو ئیلغاکردنی ئیجازەگەلی فرۆشتنی خواردنەوەی سەرمەستیدا موافەقەتی ئەم دەزگایە وەربگرن.

**ماددەی بیست ودوو:**

نابێ بە پێچەوانەی تەصمیمەکانی ئەم دەزگایە کە خۆی لەمەودوا ئامادەیان دەکا، مونشەئەو بینا لەنوێ بنیادبنرێن یان رووکاری ناوچە گەشتیاریەکان دەسکاری بکرێن وبگۆڕدرێن.

**ماددەی بیست وسێ:**

ناوچەکانی گەشتوگوزار کە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکەون لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاردەکرێن و لە رۆژنامەی رەسمیی هەرێمیشدا بلاودەکرێنەوە.

**ماددەی بیست وچوار:**

کەسانێ، مافی تصروفیان لە زەوی وزاری بەموڵکبوونی دەوڵەتدا هەبێ، بەدەر لە حوکمەکانی برگە(یەکەم)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(53)ی سالی 1976(یاسای یەکخستنی صنفەکانی زەوی وزاری دەوڵەت)، بۆیان هەیە پرۆژەی گەشتیاری وگازینۆگەلی لەسەر دروست بکەن دوای ئەوەی موافەقەت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دایەرە پێوەندیدارەکان وەردەگرن بەکرێیەك کە بەپێی رێنمایی وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێمی کوردستان، بەهاودەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا دیاری دەکات.

**ماددەی بیست وپێنج:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی بیست وشەش:**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ بەئاسان بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی بیست وحەوت:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی بیست وهەشت:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عیراق**

**- هۆكاره زەروورەكان-**

لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ گەشتوگوزار رسکاوەو هاوینەهەوارو لانەی گەشتیاری و ناوچەو جێگای ئاسەواری مێژوویی و ئاینیی جۆربەجۆری زۆری هەیەو لەبەر ئەوەش کە کەرتی گەشتوگوزار زۆر گرنگەو بە چاوگەیەکی سەرەکیی سامانی نیشتمانی و بە ئامرازێکی کارای ناساندنی کەلەپوورو شارستانییەتی گەلی کوردستان بە گەلانی جیهان دادەنرێ و، لە پێناوی دنەدانی بزاڤی گەشتیاری و راکێشانی گەشتیاران کە ئەمەش بە دامەزراندنی دامودەزگاو لانەی گەشتیاریی نوێ و هاوچەرخ لە هەرێمدا دێتەدی و، بۆ ئەوەش کە رۆڵێکی کاراو سەرەکی بۆ دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لەو بوارانەدا برەخسێ، لەبەر ئەوانە هەمووی، ئەم یاسایە دانرا.